# ئەو كارانەی كە
# كردەوە چاكەكان بەتاڵ دەكەنەوە

---

الشيخ: إبراهيم بن عبد الله المزروعي

وەرگێرانی

ستافی سایتی وەڵامەكان

=======================================================

لە بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba٨.org

walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاةُ والسلامُ على خاتم النبيين والمرسلين ، وأشهدُ أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهدُ أن محمداً عبده ورسوله  أما بعد،،

لەڕاستیدا خۆشبەختی هەتاهەتایی مرۆڤ لەو بەهەشتەدایە کە پانتاییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەویە و کەس پێی ناگات ئیلا بە خواپەرستی نەبێت ئەویش بەزانست و بەرچاوڕۆشنی و نیەت پاکی و بۆخوابوون لە پەرستشدا و خودی کردەوەکەش لەشەرعدا هاتبێت و زیادکراو - بیدعە- نەبێت، چونکە جاری وا هەیە کەسێك کارو کردەوەی چاك زۆر ئەنجام دەدات بەڵام نەفس وئارەزوی بۆ لای شتانێك دەچێت کە ئەو هەموو کردەوەیەی پوچەڵ بێتەوە وبەخۆیشی نازانێت.

وە پیاوچاکی پێشو زۆر ترساون لەوەی کە کردەوە چاکەکانیان بەتاڵ بێتەوە و مایەپوچ ببن و هەستیشی پێ نەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت: [إنّ الذين هُمْ من خشيةِ ربِّهم مشفقُون ، والذين هم بآياتِ ربِّهم يؤمنون ، والذين هم بربِّهم لا يشركون ، والذين يُؤتُونَ ما آتَوا وقلوبُهُم وجِلةٌ أنّهمُ إلى ربِّهم راجعون] ( المؤمنون (٥٧-٦٠) .

واتە: ئەوانەی کە لەترسی پەروەردگاریاندا ترساوون و دەترسن لەوەی کە خوای گەورە ترساندوونی پێی . وە ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوای پەروەردگار هەیە لەقورئاندا و بەڕاستیان دەزانن و کاریان پێدەکەن . وە ئەوانەی کە پەرستشەکانیان بە دڵسۆزی و ئیخلاصەوە و بە تەنهایی بۆ خوا ئەنجام دەدەن ، و جگە لەو هیچ شتێکی تر ناکەن بە هاوەڵی

. وە ئەوانەی کە هەوڵ وتێکۆشان دەکەن لەکردەوەی خێر وچاکەدا ، ودڵیان دەترسێت لەوەی کە کردەوەکانیان وەرنەگیرێت ، و لەسزای پەروەردگاریان ڕزگاریان نەکات کە بۆ لێپرسینەوە گەڕانەوە بۆلای .

عائیشە – ڕەزای خوای لێ بێـت – پرسیار دەربارەی ئەم ئایەتە دەکات (والذين يُؤتُونَ ما آتَوا وقلوبُهُم وجلةٌ) پاشان عائیشە دەڵێت: ئایا ئەوەی لەم ئایەتەدا باسیان دەکات ئەو کەسانەن کە مەی دەخۆنەوە و زیادەڕۆیی دەکەن لەتاواندا؟ پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی: ( لا يا بنتَ الصدّيقِ ولكنَّهم الذين يصومون ويُصَلُّونَ ويتصدقون وهم يخافون أن لا يُتَقَبّل منهم أولئك الذين يسارعون في الخيرات )[(١)] واتە: نەخێر ئەی کچی (ابوبکر)ی ڕاستگۆ بەڵکو ئەوانە کەسانێکن کە ڕۆژو دەگرن ونوێژدەکەن و صەدەقە دەدەن ولەگەڵ ئەوەشدا ترسی ئەوەیان هەیە کە لێیان وەرنەگیرێت ئائەوانە کەسانێکن کە پێشبڕکێ دەکەن لە ئەنجام دانی کردەوەی چاکدا.

(١) أخرجه أحمد والترمذي والحاكم

عبداللە ی كوڕی ئەبی مولەیكە ی تابعی – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت: گەیشتووم بە سی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەموویان ترسی نیفاق ودووڕوییان لەخۆی هەبوو[١].

پێشەوا ابن حجـــر – ڕەحمەتی خوای لێ بیـت- لەپاش باس كردنی هەندێ لەو هاوەڵانەی كە ئەبی مولەیكە پێیان گەیشتووە دەڵێت: ئەوەش لەبەر ئەوەیە چونكە باوەڕدار جاری وا هەیە لەكاتی ئەنجام دانی كردەوەی چاك و خواپەرستیەكەیدا هەندێ هەستی تووش دەبێت كە تێكەڵ بە ئیخلاص ونیەت پاكیەكەی دەبێت.

بەڵام بۆچوونی سەلەف لەسەر بەتاڵ كەرەوەكانی كردەوەی چاك ئەوا لەسەر ئەوە كۆكن كە بەتاڵ بوونەوەی حەقیقی ( واتە بەتاڵ بوون وپووچ بوونی هەموو كردەوەكە بەیەكجاری) بریتیە لە بەتاڵ بوونەوە بەهۆی كوفر و شیرك ولەدین هەڵگەڕانەوەو دووڕویی.

بەڵام بەتاڵ بوونەوەی ڕێژەیی بنچینەی باوەڕ لانادات و هەڵی ناتەكێنێت لە بنەڕەتەوە وەكو بەتاڵ بوونەوەی هەندێ عیبادەت بەهۆی هەندێ تاوان و سەرپێچیەوە یان كەمبوونەوەی پاداشت.

(١) علقه البخاري في صحيحة فتح (١/١٠٩) وهو موصولٌ عند أبي زرعه في تاريخ دمشق .

جا لە گرنگترین بەتاڵ كەرەوەكانیش ئەمانەن:

**(١) كوفر و شیرك ولەدین هەڵگەڕانەوەو دووڕوویی.**

خوای گەورە دەفەرمویێت: ( ومن يرتددْ منكم عن دينه فيمُت وهو كافرٌ فأولئك حبطت أعمالُهم في الدنيا والآخرة ) البقرة (٢١٧)

واتە: جا هەر كەسێك لە ئێوە ـ ئەی موسڵمانان ـ گوێڕایەڵیان بكات و لەئایینەكەی هەڵگەڕێتەوە و لەسەر بێباوەڕی بمرێت ، ئەوا بەڕاستی كاروكردەوەكانی لە دونیا وئاخیرەت پوچ بوونەتەوە.

خوای گەورە دەفەرمویێت: (ولقد أُوحيَ إليك وإلى الذين من قبلك لئن أشركتَ ليحبطنّ عملك )الزمر (٦٥)

واتە: بێگومان وەحی بۆ تۆ ـ ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ـ و پەیامبەرانی پێش تۆش هاتووە : كە ئەگەر جگە لەخوا بكەیتە هاوەڵی ئەوا كردەوەت هەڵدەوەشێتەوە ودەبیت بە یەكێك لەرەنجەڕۆ وئەوانەی دین ودوارۆژیان دۆڕاندووە ، لەبەر ئەوەی لەگەڵ هاوەڵبڕیاردا‌ندا هیچ كردەوەیەكی چاك وەرناگیرێت .

خوای گەورە دەفەرمویێت: ( ومن يكفر بالإيمان فقد حبط عملهُ وهو في الآخرةِ من الخاسرين )المائدة (٥) واتە: هەركەسێك نكوڵی لە دروشمەكانی ئاین بكات ئەوا كردەوەكانی پووچەڵ دەبێتەوە ، و لەڕۆژی دواییشدا لە خەسارۆمەنداندایە .

وە بەڵگە صەحیحەکان ئەوە دەسەلمێنن کە کەسی بێباوەڕ کاتێك باوەڕ دەهێنێت و موسڵمان دەبێت ئەوا کردەوە چاکەکانی کە کردوونی لە سەردەمی نەفامیدا سوودی پێ دەگەیەنن وبۆی هەژمار دەکرێن، بەڵام لەسەر بێباوەڕیەکەی مردبێت ئەوا سوودی پێ ناگەیەنێت بەڵکو بەهۆی کوفرەکەیەوە هەمووی پووچەڵ دەبێتەوە بەڵام لەڕووی شەرعیەوە لەدونیادا پاداشت دەدرێتەوە لەسەر کردەوەی چاکی.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو لە موسلیمدا هاتووە دەفەرموێت: (أما الكافر فيطعم بحسناتِ ما عمل بها لله في الدنيا حتى إذا أفضى إلى الآخرة لم يكن له حسنةٌ يُجزى بها)[1]. واتە: کەسی بێباوەڕ کە کردەوەیەکی چاك دەکات بۆ خوا لەدونیادا ئەوا خوا رزق وخواردنی پێ دەدات لە دونیادا هەتا کە دەگاتە رۆژی دوایی هیچ چاکەیەکی نامێنێت کە لەسەری پاداشت وەربگرێت.

* * * * * *

(١) رواه مسلم وأحمد.

**(٢) ریا وپێش چاوی:**

كەسی ریاباز ئەو كەسەیە كە كردەوەكەی پیشانی خەڵك دەدات ومەبەستی ڕەزامەندی خەڵكیە ، و خوای گەورەش دەفەرموێت: ( فويلٌ للمصلّينَ الذين هم عن صلاتهم ساهون الذين هم يُراؤون) .الماعون(٤) واتە: سزایەكی سەخت هەیە بۆ ئەو نوێژگەرانەی كە بێ ئاگان لە نوێژەكانیان ، و بەو شێوەی كە پێویستە ئەنجامی نادەن ، و لە كاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن . ئەوانەی كە ڕووپاماییی بۆ خەڵك دەكەن لە ئەنجامدانی كردەوە چاكەكانیان .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( إنّ أخوفَ ما أخافُ عليكم الشرك الأصغر : الرياء ، يقول اللّٰهُ يوم القيامة إذا جَزَى الناسَ بأعمالهم: اذهبوا إلى الذين كنتُم تراؤون في الدنيا فانظروا هل تجدون عندهم جزاء ؟ )[1] واتە: مەترسیدارترین شتێك كە لێی دەترسێم بۆتان شیركی بچووكە كە بریتیە لە : ریا، خوای گەورە كاتێك پاداشتی كردەوەی خەڵكی دەداتەوە لەرۆژی دواییدا دەفەرموێت: بــڕۆن بۆ لای ئەوانەی كە لەدونیادا ریاتان بۆ دەكردن بزانن هیچ پاداشتێكیان لا هەیە؟

وە بزانە كە ریابازان لە رۆژی دواییدا یەكەم كەسن كە ئاگریان پێ گەرم دەكرێت چونكە ئەوان چێژیان لە پاداشت و دەرئەنجامی كردەوەكانیان وەرگرت لە دونیادا.

---

(١) أخرجه أحمد والبغوي . بإسناد صحيح على شرط مسلم .

**( ٣ ) منەت کردن وئازاردان لەدوای ماڵ بەخشین بە خەڵکـــی :**

خوای گەورە دەفەرموێت: (يا أيها الذين آمنوا لا تبطلوا صدقاتكم بالمنِّ والأذى ) البقرة (٢٦٤)٠ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان بەخوای پەروەردگار و بە ڕۆژی دوایی هێناوە پاداشتی ئەو صەدەقەیەی کە کردوتانە پوچەڵ مەکەنەوە بەمنەتکردن وئازاردان.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( ثلاثة لا يقبل اللهُ منهم صرفاً ولا عدلاً: عاقٌ ومنّانٌ ومكذّبٌ بالقدر ) [١] واتە: سێ جۆر کەس هەن خوای گەورە فەرز و سوونەتیان لێ وەرناگرێت: ئازاردەری دایك وباوك و منەتکار و ئەو کەسەی بڕوای بە قەدەر نییە.

* * * * * *

(١) أخرجه ابن أبي عاصم في السنّة وحسنه الألباني في الصحيحة (١٧٨٥) .

## (٤) نەكردنی نوێژی عەصر بەتەمبەڵی هەتا كاتەكەی دەچێت:

پێشەوا بوخاری –رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت: باسی ئەو كەسەی كە نوێژی عەصر ناكات و پاشان فەرموودەكەی ئەبی مەلیح دەهێنێت كە دەڵێت: ئێمە لەگەڵ بورەیدەدا بووین لە غەزایەكدا لە رۆژێكی هەوردا وتی: پەلە بكەن لەكردنی نوێژی عەصر چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( من ترك صلاة العصر فقد حبط عملُه)[(١)] واتە: ئەوەی نوێژی عەصر وازلێ دێنێت ئەوا كاروكردەوەكەی بەتاڵ و پوچەڵ دەبێتەوە.

## (٥) سوێند خواردن بەناوی خواوە بەوەی لەفلان كەس خۆش نابێت:

ئاشكرایە كە رەحم وبەزەیی خوا فراوانە و هەرلە سۆز ورەحمەتی خواوەیە كە ئەگەر بیەوێ لەتاوان خۆش دەبێت تەنانەت بەبێ تۆبەش بەفەزڵ وچاكەی خۆی، ئەوا جوندب رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ( أنّ رجلاً قال : واللهِ لا يغفر الله لفلان ، وأن الله قال ( من ذا الذي يتألَّى عليَّ أن لا أغفر لفلان ، قد غفرتُ لفلان وأحبطتُ عملك )[(٢)] واتە: پیاوێك وتی: سوێند بەخوا خوای گەورە لە فلانەكەس خۆش نابێت، وە خوای گەورەش فەرمووی: " ئەوە كێیە كە سوێندم لەسەر دەخوات بەوەی لە فلانە كەس خۆش نابم؟ ئەوا من لە فلانە كەس خۆش بووم وكردەوەكانی تۆشم پوچ وبەتاڵ كردەوە.

---

(١) البخاري رقم (٥٥٣) فتح (٢/٣١).

(٢) رواه مسلم (١٦/١٧٤) نووي.

## ( ٦ ) دژايەتی كردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بە كردار و گوفتار:

خوای گەورە دەفەرموێت: ( يا أيها الذين آمنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول ولا تبطلوا أعمالَكمُ )محمد (٣٣) . واتە: ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە بە خوای پەروەردگار و پەيامبەرەكەی و بەڕاستان زانيوون و كارتان بە شەرعەكەی كردووە گوێڕايەڵی خوای پەروەردگار و پەيامبەرەكەی بكەن لەوەی كە فەرمانتان پێدەكەن و لەوەشی كە ياساغيتان لێدەكەن ، و نەكەن بە بێباوەڕی و تاوان پاداشتی كردەوەكانتان پوچەڵ بكەنەوە .

ئەنەس ﵁ دەڵێت: كاتێك ئەم ئايەتە دابەزی: ( لا ترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي ) سابتی كوڕی قەيس ﵁ لەماڵەوە دانيشت و وتی: كردەوەم بەتاڵ بوويەوە و من لە ئەهلی ئاگرم وئيتر ناچم بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا هەواڵی قەيسی لە سەعدی كوڕی مەعاز پرسی وسەعديش ووتی: ئەو دراوسێمە و هيچ سكالأيەكم لێيەوە نەبيستووە پاشان سەعد چو بۆ لای و هەواڵ پرسينی پێغەمبەری بۆی باس كرد و سابتيش وتی: ئەو ئايەتە دابەزی و ئێوەش باش دەزانن كە من لەهەمووتان دەنگم بەرزترە بەسەر پێغەمبەری خواوە بۆيە من لە ئەهلی ئاگرم، سەعديش ئەمەی بۆ پێغەمبەری خوا باس كرد و پێغەمبەريش فەرمووی: ( بل هو من أهل الجنّة )[1] واتە: نەخێر بەڵكو ئەو لە ئەهلی بەهەشتە.

(١) متفق عليه فتح (٢٦٠/٦)(شرح مسلم للنووي ١٣٣/٢ )

**( ٧ ) بیدعەكردن لە دیندا :**

لە هەردوو كتێبە صەحیحەكەی فەرمووددەدا هاتووە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( مَنْ أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رَدَّ )[١] واتە: هەركەسێك شتێك لەم دینەی ئێمەدا دابهێنێت و تێیدا نەبێت ئەوا رەد دەكرێتەوە.

وعند مسلم ( من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو ردّ ) واتە: هەركەسێك كارێك ئەنجام بدات و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا رەد دەكرێـــتـــەوە.

**( ٨ ) پێشێلكردنی حەرامكراوەكانی بەنهێنی و بەتەنهایی :**

لە هاوەڵی بەڕێز سەوبانەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (لأعلمن أقواماً من أمّتي يأتون يوم القيامة بحسنات أمثال الجبال فيجعلها اللهُ عز وجلّ هباءً منثُورا ) قال ثوبان : يا رسول الله صفهُم لنا جَلِّهم لنا أن نكونَ منهم ونحنُ لا نعلم قال : ( أما إنّهم إخوانكم ومن جلدتكم ويأخذون من الليل كما تأخذون ولكنّهم قومٌ إذا خلو بمحارم الله انتهكوها )[٢].

واتە: سوێند بەخوا كەسانێك دەناسم لەم ئوممەتەدا لەرۆژی دواییدا دێـن بەچاكە و كردەوەگەلێكی باشەوە هاوشێوەی شاخەكان (بەڵام) خوای گەورە هەمووی بەبادا دەدات وپوچ

---

(١) فتح (٥/٣٠١) (شرح مسلم للنووي ١٢/١٦)

(٢) رواه ابن ماجة وصححه المنذري والألباني في الصحيحة (٥٠٥)

دەبن. سەوبان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ باسی بۆمان بکە و سیفاتیان پێمان بڵێ نەوەك ئێمە لەوان بین و بەخۆشمان نەزانین، ئەویش فەرمووی: ئەوانە براتانن و لەپێستی ئێـوەن و وەکو ئێوە شەونوێژ دەکەن بەلاَم ئەوانە کەسانێکن ئەگەر تەنها بکەون وکەسیان لێوە دیار نەبێت ئەوا حەرام کراوەکانی خوا دەشکێنن وپێشێلیان دەکەن.

## (٩) خۆشحاڵ بوون بە کوشتنی باوەڕدار:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( من قتل مؤمناً فاغتبط بقتله لم يقبل اللهُ منه صرفاً ولا عدلاً )[١]. واتە: هەرکەسێك باوەڕدارێك بکوژێت و خۆشحاڵ بێت بە کوشتنەکەی ئەوا خوای گەورە فەرز و سوننەتی لێ وەرناگرێت.

* * * * * *

(١) أبو داود وغيرُه أي لم يقبل الله منه نافلةً ولا فرضا.

## ( ١٠ ) ڕۆیشتن بۆ لای ساحیر و جادووگەر فاڵچی:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( من أتى عرّافاً فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين يوماً )[١] واتە: ئەوەی بچێت بۆ لای فاڵچیەك وپرسیاری شتێکی لێ بکات ئەوا نوێژی چل ڕۆژی لێ وەرناگیرێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( من أتى عرّافاً أو كاهناً فصدَقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد )[٢] واتە: ئەوەی بچێت بۆ لای فاڵچی و جادووگەرێك و بڕوا بەوە بکات کە دەیڵێت ئەوا کوفری کردووە بەوەی دابەزیوە بۆ سەر موحەممەد (قورئان).

## ( ١١ ) ( ڕاهاتن ) خووگرتن بە مەی خواردنەوەوە:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( من شرب الخمر لم تقبل له صلاةٌ أربعين صباحاً )[٣] واتە: ئەوەی مەی بخواتەوە ئەوا نوێژی چل ڕۆژی لێ وەرناگیرێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( مدمنُ الخمرِ إن مات لقي اللهَ كعابدِ وثن )[٤]

واتە: خووگرتو بە مەی خواردنەوەوە ئەگەر بمرێت ئەوا وەکو بت پەرست دەگاتە خوا.

---

(١) شرح مسلم للنووي(١٤/٢٢٧)

(٢) الترمذي وأبو داود وأحمد.

(٣) الترمذي وابن ماجة وأحمد والحاكم.

(٤) حسن بشواهده رواه أحمد وأبن حبان وأبو نعيم.

## (١٢) سەگ ڕاگرتن لە ماڵدا:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( من أمسك كلباً ينقص من عمله كلَّ يومٍ قيراط الاّ كلب حرث أو كلب ماشية )[١] واتە: ئەوەی سەگ ڕابگرێت لە ماڵەوە ئەوا هەموو ڕۆژێك قیراتێك (بە ئەندازەی كێوی ئوحود) لە كردەوەی كەم دەبێتەوە ئیلا سەگی پاسەوانی كشتوكاڵ و ئاژەڵ نەبێت.

## (١٣) (١٤) كۆیلەی هەڵهاتوو هەتا دەگەڕێـــتەوە بۆ لای خاوەنەكەی:

## وە ئافرەتی یاخی وسەرپێچیكار هەتا دەگەڕێـتەوە بۆ گوێڕایەڵی مێـردەكەی:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( اثنان لا تجاوز صلاتُهما رؤوسَهُما : عبدٌ أبقَ من مواليه حتى يرجع إليه وامرأةٌ عصت زوجَها حتى ترجع )[٢] واتە: دوو جۆر كەس هەن نوێژەكانیان لەسەریان بەرزنابێتەوە: كۆیلەیەك هەڵبێت لە خاوەنەكەی هەتا دەگەڕێتەوە، هەروەها ئافرەتێك سەرپێچی مێردەكەی بكات هەتا دەگەڕێتەوە.

---

(١) متفق عليه فتح (٦/٣٦٠).

(٢) الحاكم والطبراني وله شواهد يرتقى بها إلى الصّحة وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير.

**( ١٥ ) كەسێك پێشنوێژی بۆ خەڵكانێك بكات بەڵام ئەوان ڕقیان لێی بێت:**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( ثلاثةٌ لا تجاوز صلاتُهم آذانهم : العبدُ الآبق حتى يرجع ، وامرأةٌ باتت وزوجُها عليها ساخط وإمامَ قومٍ وهم له كارهون )[١] واتە: سێ جۆر كەس هەن كە نوێژەكانیان لە ئاستی گوێیەكانیان بەرز نابێتەوە: كۆیلەیەكی هەڵهاتوو هەتا دەگەڕێتەوە، وە ئافرەتێك بخەوێت و لەكاتێكدا مێردەكەی لێی تورە بێت، وە پێشنوێژێك كە خەڵكەكە ڕقیان لێی بێت.

پێشەوا تیرمزی لە سونەنەكەیدا ٢/١٩٢ دەڵێـت:

كەسانێك لە ئەهلی عیلم بە مەكروهیان داناوە كە پیاوێك پێشنوێژی بۆ خەڵكانێك بكات لەكاتێكدا ئەوان ڕقیان لێی بێت، بەڵام ئەگەر ئیمامەكە ستەمكار نەبوو ئەوا تاوانەكە لەسەر ئەو كەسەیە كە ڕقی لێیەتی.

لە مەنصورەوە گێڕدراوەتەوە: پرسیارمان دەربارەی ئیمام كرد؟ پێمان وترا: ئەوە مەبەستی ئیمامێكە كەستەمكار بێت بەڵام ئەگەر ئیمامێك دامەزراو و چەسپاو بێت لەسەر سوننەت ئەوا تاوانەكە لەسەر ئەو كەسەیە كە ڕقی لێیەتی.

---

(١) الترمذي وله شواهد يرتقي بها إلى الصحّة وحسنه الألباني في صحيح الجامع الصغير.

**( ١٦ ) پشت کردنی موسڵمان لەبرا موسڵمانەکەی بەبێ عوزرێکی شەرعی :**

لە ئەبی هورەیرەوە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( تُفتحُ أبواب الجنّة يوم الاثنين ويوم الخميس فُيغفر لكل عبدٍ لا يشرك بالله إلا رجلاً كانت بينه وبين أخيه شحناء فيقال : انظروا هذين حتى يصطلحا ، انظروا هذين حتى يصطلحا ... )(١)

واتە: دەرگاکانی بەهەشت ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە دەکرێنەوە و لەهەموو کەسێك خۆش دەبێت کە هاوبەشی بۆ خوا بڕیار نەدابێت مەگەر کەسێك لەنێوان ئەم و برایەکیدا ئاڵۆزی و ڕق وکینەیەك هەبێت ئەوا دەوترێت: بوەستن لەسەر ئەو دوو کەسە هەتا صوڵح دەکەن، بوەستن لەسەر ئەو دوو کەسە هەتا صوڵح دەکەن ....

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين .

* * * * * *

---

(١) شرح مسلم للنووي (١٢٢/١٦)